کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 3:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پکک شەری چەکداری وازلێ ناهێنێ یان بواری پێ نادرێت کاری سیاسی بکات؟؟؟؟ ... قادر نادر

بۆ هەلسەنگاندنی هەر بابەت و رووداوێکدا مرۆڤ دەبێت تایبەتمەندی کات و شوێن رەچاو بکات، ئەگەرنا لێکدانەوەکەی زانستی دەرناچێت. هەرلەم روانگەوە ئەگەر هەلسەنگاندنێک بۆ ئەو قسەو باسە بەرفراوانەنە بکەین کە زۆربەی سەرکردەکانی کورد داوا، لە پکک دەکەن کە واز لە شەری چەکداری بهێنی و خەباتی سیاسی بگرێتە بەر. بەتایبەتی خودی تالەبانی کە چە ندین جارە ئاماژە بەوە دەکات کە سەردەمی خەباتی گیڤارایی بەسەر چووە!!!

دیارە ئەم ئاخافتنانە ئەگەر وەک تیۆردارشتن یان بچێتە بواری پراکتیکەوە لە بوونی دیموکراسیەت لە زۆربەی سیستەمە سیاسیەکانی جیهاندا بەتایبەتی لە ولاتانی ئەورپیدا، بەلام ناکرێت وەک تیۆرێکی متلەق سەیری بکەین؟؟ بۆ نمونە زۆر بە ئاسایی کێشەی ئێرلەندیەکان لە گەل بەریتانیای دیموکراسی دوای چەندین سال لە گفتۆگۆ توانرا چارەسەر بکرێت، یان ولاتێکی نادیموکراسی وەک سودان بەو هەموو دواکەوتویەی عومەر بەشیر ی سەرکردەشیانەوە کەچی گفتوگۆ ی لەگەل سودانیەکانی با شوور کردو، رێکەوتنێکی گرنگیشیان لەنێوان خۆیان تۆمار کرد. خودی سەدام و بەعس بە هەموو فاشیەت و داگیرکاریانەوە لەبەرامبەر گەلی کوردا کەچی دەیان جار گفتۆگۆیان لەگەل لایەنە سیایسەکانی کورد دە کرد. بەلام پکک لە بەرامبەر داگیرکەرێک دایە کە جگە لە زمانی کوشتن و برین ولەناو بردن هیچی تر نازانێت. ئەمە جگەلەوەی لە 15 سالی رابردودا زیاتر لە 4 جار یەکلایەنەئاگربەستی راگەیاندوەو پۆلێک لەکادیری هەرە پێشکەوتوی سالی 2000 وەک راستگۆیەک بۆ دانیشتنی سەر مێزی گفتۆگۆ، بۆ ناو تورکیای ناردەوە، کە چی لە بری ریزگرتن لەوهەولە ئاشتی خوازەیان بونە میوانی زیندان؟؟؟ ئەمە جگەلەوەی تورکیا لە دوای هە موو ئاگربەستەکانیش لە هێرشە سەربازیەکانی ناکەوێت.

ئیمرۆش زۆر لایەنی کوردی داوا لە پکک دەکات واز لە شەری چەکداری بهێنی. کە پکک لە چەند رۆژی رابردوشدا سەرلەنوێ ئاگربەستەکی مەرجداری راگەیاند، کە چی سەرلەنوێ تورکیا هەرەشەی لەناوبردنی لێدەکات. پرسیار ئەوەیە کام جولانەوەی رزگاری خوازی گەلان ئامادە بووە بە نزمترین ئاستی داخوازیەکانی گەلەکەی کە لێبورنەکی گشتیە رازی بێت، تا وەک پارتێکی سیاسی مامەلە و خەباتی سیاسی بکات کە چی تائێستاش ئەمەشی پێ رەوا نابینرێت!!؟؟ دواتر کەی پکک وازی لە شیوازەکانی تری خەبات هیناوە، هەمومان دە بینین 16 سالە خەباتی پەرلەمانتاری لەنیو تورکیا پەرە پێدەدات، خەباتی جەماوەری و لە ئەورپاو کوردستان بەردەوام دینەمۆی کارەکانی بووە؟؟؟ بەکورتی پکک لە زۆربەی میکانیزمەکانی خەباتدا سلی نەکردۆتەوە لە بچوکترین پەنجەرەشەوە هەولی سود وەرگرتن داوە.

دواتر کە بە رەهایی با س لەوە دەکرێت کە باوی شەری چەکداری نماوە ئەی نابێت بپرسین چۆن ئەو دەستکەوتانە لەباکور ی کوردستان بەدەست هاتووە؟؟؟ ئایا دەکرێت خەباتی چەکداری لەو دەستکەوتانەی کورد لە باکور بێ بەش بکەین، وەک دان نان بە زمانی کوردی، بونی کورد، بونی نوێنەرانی کورد لەپەرلەمان و بەرِیوە بردنی شارەوانیەکان...

ئەی ئەگەر بەو شیوەیە شەری چەکداری باوی نەمابێت، حکمەتەکە لە چی دایە کە ئەمەریکا و بەریتانیا بە و هەموو سوپا بێ ئەژمار و توانایە مادیەیان مامە حەمەیی بۆ سونەکانی عیراق دەکەن؟؟؟ ئەی بۆ نەپرسین هۆکاری چیە داگیرکەری ئیران بەو هەموو فشارەی لەسەرێتی کە چی جولانەوەی کورد لەبەشی رۆژهەلاتدا لە خراپترین حالەتدا تائێستا دەژیت وکێشەکەی تەنانەت لە میدیاکانی ئەورپیشدا وونە، کەچی تورکیایەک گەورەترین پالپشتی جیهانی هەیە و پکک بە تیرۆریست

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لای ولاتانی ئەوڕپی وئەمەریکی دەناسێنرێت، کەچی کێشەی کوردی باکور ڕۆژ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە بەرەوپێش چونە.

بۆیە گرنگە ئێمەی کورد هەموو هێلکەکانمان لە نێو یەک سەبەتا دانەنێین، بەلکو دەبێت هەموو ڕێگا کانی خەبات بگرینە بەر بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا و هەولییش بدەین ڕاستیەکان با س بکەین کە تورکیایە دژ بەدەستکەوتەکانی کوردە لە هەرشوێنەک گەشە بکات. ئەگەر نا ئەوا دەبینین حکومەتی کوردستان هەموو نەرمیەک لە بەرامبەر تورکیا دەنوێنی کە چی ئامادە نیە نەک دانی پێدا بنیت بەلکو لەگەلیشی دابنیشێت.

2007/11/01

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.